


# یەکگرتوو


www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٧٢) - دوو شەممە ٢٠١٢/١/٩ ز - ساڵی حەڤدەهەم

١٩ی (بەفرانبار)ی٢٧١١ی کوردی- ١٦ی (صفر)ی ١٤٣٣ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە






2 ئەمیندار و لیبەرمان کۆبوونەوە

5 لیژنەکەی سەرۆک بێ هیوای کردین

7 لەساڵی (٢٠١١)دا لە هەڵەبجەی شەهید کێشەکان کەمیان کردووە

11 پانۆرامای رووداوەکەی شرناخ


# د.سەلاحەدین بابەکر: جێبەجێکردنی خاڵەکانی روونکردنەوەی مەکتەبی سیاسی بەلای ئێمەوە ئەولەویەتە

**وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دەڵێ «ئاڵوگۆڕی حکومەت لە ئێستادا گرنگیەکی ئەوتۆی نیە بۆ ئێمە»**

(د. سەلاحەدین بابەکر ـ وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو) دەڵێ لەدوای رووداوەکانی بادینانەوە پرسی بەشداریکردن لەحکومەت هاتۆتەوە چوارچێوەی یەکەم و بەلای ئێمە رووداوەکانی بادینان ئەولەویەتە.

وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەبارەی ئاڵوگۆڕی کابینەی حکومەت و بەشداری یەکگرتوو دەڵێ «بەشداریکردن لە حکومەت جێی قسەو باسی ئێمە نیە، بەڵکو بەلای یەکگرتوو رووداوەکانی بادینان و جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی لە روونکردنەوەکەی مەکتەبی سیاسی هاتووە گرنگە«.

د. سەلاحەدین وتیشی کە ئەگەر حکومەتی داهاتوو تەبەنی پێکێجی چاکسازی ئۆپۆزسیۆن بکات و جێبەجێیان بکات ئێمە پشتگیری دەکەین.

ماوەی مانگێکە دەنگۆی ئاڵوگۆڕی حکومەت لەنێوان یەکێتی و پارتی بەپێی رێککەوتنی ستراتیژی نێوان هەردوولا قسەی لێوە دەکرێت، بەڵام تا ئێستا کاتی ئاڵوگۆڕی پۆستەکان و، ئەو کەسەی کە پۆستی سەرۆکی داهاتووی حکومەتی هەرێم وەردەگرێت لەلایەن پارتیەوە یەکلایی نەبۆتەوە.

## بەرپرسی مەڵبەندی دهۆکی یەکگرتوو: ئەگەر بارەگاکەمان تەسلیم نەکرێتەوە رێوشوێنی پێویست دەگرینەبەر



تائێستا بارەگای مەڵبەندی سێی دهۆک تەسلیم بە یەکگرتوو نەکراوەتەوەو بەرپرسی مەڵبەندیش رایدەگەیەندێت کە رێوشوێنی تایبەت بۆ وەرگرتنەوەی بارەگاکە دەگرینە بەر..

پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە (٤٠) رۆژ بەسەر روداوەکانی بادینان و سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوودا، کە ئەو کاتە لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە دەستگیرا بەسەریدا، بەڵام سەرەڕای تەسلیمکردنەوەی بارەگاکانی تر، تائێستا بارەگای مەڵبەندی (٣)ی دهۆک تەسلیم بەیەکگرتوو نەکراوەتەوە، لەو بارەوە بەڕێز (غازی سەعید) بەرپرسی مەڵبەندی سێی دهۆکی یەکگرتوو بە رۆژنامەکەمانی راگەیاند: «ئەگەرچی رێوشوێنی پێویستمان گرتۆتەبەر لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە ئیداری و ئەمنییەکان، بەڵام تائێستا بارەگای مەڵبەندمان تەسلیم نەکراوەتەوە، ئێمە پێمان وایە کە رەنگە دەسەڵات نیەتی باش نەبێت لە تەسلیم نەکردنەوەی بارەگاکە«. ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە «لە سەرەتاوە دوو هێز لە بارەگاکەدا بوون، هێزی پۆلیس و هێزی فەرماندەی لەشکر، دوای ئەوەی سەردانی پارێزگامان کرد بۆ وەرگرتنەوەی بارەگاکە هێزی پۆلیس چۆڵیان کرد، بەڵام هێزی دووەم تائێستا بارەگاکەیان چۆڵ نەکردووە«.

هەروەها (غازی سەعید) ئەوەشی ووت «لە داهاتوودا رێوشوێنی یاسایی و قەزا دەگرینەبەر بۆ وەرگرتنەوەی، ئەگەر ئەوەش بێ سوود بوو رێگای تر دەگرینەبەر تا بارەگای مەڵبەندمان تەسلیم دەکرێتەوە«.

## دۆسیەی (هاشمی) نابرێتە کۆنگرەی نیشتمانییەوە

# بەکر حەمەسدیق: لە جێبەجێ نەکردنی (١٩) خاڵەکەی رێکەوتانامەی هەولێردا کورد خۆی کەمتەرخەم بووە.



لە کۆنگرەی نیشتمانیدا بۆ لایەنە عێراقیەکان دۆسیەی هاشمی باس ناکرێت، دەربارەی (١٩) خاڵەکەی کوردیش لە رێکەوتننامەی هەولێر ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران دەڵێت: کورد خۆی کەمتەرخەم بووە..

بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆنگرەیەکی نیشتیمانی بۆ لایەنە عێراقیەکان لە بەغدا بۆ چارەسەری کێشەکانی وڵات لەسەر بانگهێشتی سەرۆک کۆمار سازبکرێت، لەوبارەوە بەڕێز (بەکر حەمە سدیق) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە کوتلەی یەکگرتوو بە رۆژنامەی یەکگرتووی راگەیاند: «بڕیارە لە ئەجێندای کارەکانی کۆنگرەی نیشتیمانیدا دۆسیەی هاشمی تێدا نەبێت و ئەو دۆسیەیە بۆ قەزا بەجێ بهێڵرێت و، دادگایەکی بێلایەن پێداچوونەوەی بکات»، دەربارەی بەشداری کوردیش لەو کۆنگرەدا ناوبراو وتی: «دەبێت کورد بێلایەنانە بەشدار بێت، بەڵام بێلایەنیەکی کاریگەر، تا بە سەرکەوتوویی بێتە دەرەوە«. سەبارەت بە دووبارە نەبوونەوەی هەڵەی کورد بە هاوشێوەی رێکەوتننامەی هەولێرو جێبەجێ نەکردنی (١٩) خاڵەکە، ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەران وتی: «کورد خۆی کەمتەرخەم بوو لە جێبەجێنەکردنی (١٩) خاڵەکە، چونکە دەبووایە لە یەکەم هەنگاودا کە مالیکی سستی کرد کورد هەڵوێستی ببوایەو فشاری بکردایە تا مالیکی ناچار بکات بە جێبەجێکردنی خواستەکانی کورد لەو خاڵانەدا، ئێستاش دەتوانێت ئەو فشارە بکات و بە براوە لەو کۆنگرە نیشتیمانیە بێتە دەرەوە«.

سەبارەت بە لێدوانەکانی حوسێن ئەسەدی ئەندامی کوتلەی دەوڵەتی یاساش دژ بە تاڵەبانی سەرۆک کۆمار، (بکر حەمە سدیق) وتی: «ئەسەدی هیچ قورساییەکی نیە لە نێو گۆڕەپانەکەدا، بەڵکو بەم لێدوانانەی خۆی دەرخست، کوردیش رۆڵی هەبوو لە زیاتر دەرکەوتنی ئەسەدیدا»، راشیگەیاند «کورد باشی کرد لێرەدا باسەکەی وەستاندو زیاتر درێژی نەکردەوە«. ئەوەشی وت کە «پێم وایە حوسێن ئەسەدی وەک موراهیقی سیاسی کاردەکات».




**بەرپرسی مەڵبەندی زاخۆی یەکگرتوو:**

**« ئەگەر گرەنتی سێبارە نەسوتاندنەوەی نەبێ، بڕیارمانداوە بارەگاکانمان نۆژەن نەکەینەوە»**

بەرپرسی مەڵبەندی زاخۆی یەکگرتوو دەڵێ « ئێمە چەندین ساڵ هەر شوێنمان نەبوو، لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە هەتا (٢٠٠٤) لە زاخۆ بارەگامان نەبوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا چالاکیەکانی ئێمە بەبێ بارەگاش پەکی نەکەوتووە«.

(سەیدا نەسرەدین) بەرپرسی مەڵبەندی زاخۆی یەکگرتوو لەبارەی سوتاندنی بارەگاکانیان دەڵێ: نزیکەی هەفتەیەک دەچێ ئێمە لە جێگەی مەڵبەندی (١٣) ی زاخۆ کابینەمان داناوە، لە ئێستادا پێشوازی و کۆبوونەوەکانی تێدا ئەنجام دەدەین و یەکەم کۆبونەوەی مەڵبەندمان لەناو کابینە ئەنجامدا. سەیدا نەسرەدین وتیشی « لە ئێستادا دەتوانم بلێم لەناو کابینەکاندا کارەکانمان بە ئاسایی دەڕوا و باشیشە«.

لەبارەی ئەگەری نۆژەنکردنەوەی بارەگاکان، سەیدا نەسرەدین وتی « ئێمە بریارمان داوە بارەگاکانمان نۆژەن نەکەینەوە، چونکە ئەگەر گرەنتیەک نەبێ کە سوتاندن سێبارە نابێتەوە ئێمە جارێ نۆژەنیان ناکەینەوە و بەلای ئەندامانیشمانەوە شتێکی ئاساییە کە نۆژەن نەکرێتەوە«.

لەلایەکی ترەوە بەرپرسی لقی قەسرۆکی یەکگرتوو (مامۆستا شەوکەوت) وتی کە« ئێمە تا ئێستا بارەگای لقمان نەکردۆتەوە، بەڵام بەتەماین خێمە هەڵبدەین لەجێگەی بارەگاکانمان». سەیدا عەبدولستاری بەرپرسی لقی سێمێلیش وتی: «ئێمە بە حوکمی جەماوەری بوونمان، لە دەرەوەی بارەگاش دەتوانین کارەکانمان بە جۆرێک لە جۆرەکان رابپەڕێنین و بەرەو پێشەوەشی ببەین لە رووی رێکخستن و کۆمەڵایەتییەوە«.


**لە لاپەرە ٤ راپۆرتێک بخوێنەوە**


# (Prison Break) دەگاتە دهۆک و (١١) زیندانی رادەکەن

## وەزارەتی ناوخۆ: ئەوپەڕی کەمتەرخەمی کارمەندانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە

دوای ئەوەی (١١) زیندانی بەشێوەیەکی سەیر لە بەندیخانەی پارێزگای دهۆک هەڵدێن، وەزارەتی ناوخۆ کەمتەرخەمیەکانی ئەم رووداوە دەخاتە ئەستۆی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، خودی کارمەندانو سەرپەرشتیارانی ئەو بەندیخانەیە لەم بارەیەوە فایەق تۆفیق بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم لە لێدوانێکی تایبەت بە یەکگرتو، هۆکاری کەمتەرخەمییەکانی خستە ئەستۆی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و گوتی:» مەعقولە یازدە کەس (٨٠) مەتر قوڵ بکەن، کارمەندێک نەبێ سەردانی ژوور و هۆڵەکان بکات»، ناوبراو ئەوەشی روونکردەوە کە« تەنها پاراستنی چواردەوری بەندیخانەکە لە ئەستۆی پۆلیسە نەک ناوەی بەندیخانەکە، چونکە ئەوە ئەرکی کارمەندو سەرپەرشتیارەکانی سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە، ئەم رووداوەش ئەوپەڕی کەمتەخەمییە :»

لەلایەن خۆشییەوە سایتی کوردیو بڵاوی کردەوە، ژمارەی ئەو دەستگیرکراوانە(١١) کەس بوونەو زۆربەیان سزاکەیان لەسێدارەدانەو شەوی (٧) لە سەر (٨)ی ئەم مانگە بەشێوەیەکی سەیر توانیویان رابکەن و بەندیخانەکەجێبهێڵن. ئەمەو تاکو ئێستا هیچ یەکێک لەو گیراوانە نەدۆزراونەتەوەو گەڕان و پشکنینیش چەندین ناوچەی ئەو شارەی گرتۆتەوە.

**ناوی هەڵاتووەکان**

١- ادریس عبدالهادی محمد
٢- علی حسین صالح
٣- عبدالعزیز یوسف سعید
٤- فرهاد سفر عبدالله
٥- عصمت شریف رچوان
٦- داود سلیمان ابراهیم
٧- مهدی صالح ابراهیم
٨- محمد احمد علی
٩- فەرەیدون لگیف شریف
١٠- کامیران محمد حسن
١١- خالد احمد عبدالعزیز

# بۆ وەدەرنانی بنکە سەربازیەکانی تورکیا لە کوردستان، نزیکەی (400) هەزار واژوو کۆکراوەتەوە

لەدوای ئەو کۆمەڵکوژیەی کەلەلایەن وڵاتی تورکیاوە بەرامبەر کوردەکانی ئەو وڵاتە کر ا لە ناوچەی شرناخ، وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەی کەمپینێک لەژێر ناوی (نا بۆ قڕکردنی کلتوری) راگەیەنرا، کە ئامانجی ئەم کەمپینە بریتیە لەواژو کۆکردنەوە بۆ وەدەرنانی بنکە سەربازیەکانی وڵاتی تورکیا لە ناو هەرێمی کوردستان .

لەم بارەیەوە: (جەمیل عەبدولجەلیل) بەرپرسی کەمپینەکە بە رۆژنامەی یەکگرتووی راگەیاند: «ئێمە لە شاری هەولێر بە کۆنفرانسێک دەستمان بەم کەمپینە کرد، ئامانجمان هەموو کوردستانە. تائێستا نزیکەی (٤٠٠) هەزار واژومان کۆکردۆتەوە. بەداخەوە تائێستا لە هەولێرو دهۆک مۆڵەتی نەدراوە بۆ ئەم کارە، ئامانجی ئەم کەمپینە دەرکردنی بنکە سەربازیەکانی تورکیایە لەهەرێمی کوردستان و ئاگادارکردنەوەی پەرلەمانی کوردستانە، چونکە خاڵیک هەیە لە پەڕلەمانی کوردستان سەبارەت بەو بنکە سەربازیانە، بەڵام پەرلەمان ئێستا گوێی خۆی خەواندووە«. ناوبراو وتیشی «ئەم واژوانە دەگەینینە پەرلەمانی کوردستان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی جیهان». راشیگەیاند «ئەگەر پەرلەمان هەڵوێستێکی جیدی نەبوو ئەگەر هەیە بە شێوازی دیکە ئیشی خۆمان بکەین وەک خۆپیشاندانی مەدەنیانە«. شایانی ئاماژەیە تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هەڵمەتەکە بەردەوامە.